

# هونەرمەند ژاڵە

”لەبەرنامەی کاری ئایندەمدا سرودێکی نەتەوەیی بەهەردوو زمانی کوردیو ئینگلیزی دەچڕم بەهاوکاری گروپی میوزیکی ئینگلیزیو بەرهەمەکەش دەچێتە مێژووی هونەری کوردییەوە نەک بەناوی ژاڵەوە بەڵکو بەناوی هەموو کوردەوە“.

سلێمانی

## میوانداری فیستیڤاڵی شانۆی سالار دەکات

بۆ ڕێزگرتن لە هەوڵو ماندووبونی نەوەی پێشوی بزوتنەوەی شانۆی سالار بە پشتیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان تیپی شانۆی سالار فیستیڤاڵی شانۆی سالار ساز دەکات، مەبەست لەو فیستیڤاڵەش ڕێگرتنە لە هەوڵو ماندووبەنی شانۆکاری کورد ئەحمەد سالار.

فیستیڤاڵی ناوبراو لەناوەراستی مانگی تشرینی دووەمی ئەمساڵ لەشاری سلێمانی بەڕێوەدەچێت تیایدا چەندین نمایشی شانۆیی لەلایەن تیپە شانۆیەکانی شارەکانی کوردستان بەشداری دەکەن، سەرەرای گرتنی سیمیناری تایبەت بەبواری شانۆی کوردی ئەو پرسانەی لە بزاوتە شانۆییەکە هاتۆتە ئاراوە، لە ڕۆژانی فیستیڤاڵیش چەندین خەڵات پێشکەش بە نەوەی پێشوی شانۆیی کوردی دەکرێت، بڕیار وایە لەم فیستیڤاڵە میواندای کۆمەڵە شانۆکارێکی کوردستانو عێراق بکرێت.

ئەو شانۆگەریانەی لەم فیستیڤاڵەدا نمایش دەکرێن بریتین لە شانۆگەری (سەمفۆنیای یاخیبون ( لە دەرهێنانی سەباح عەبدالرەحمان، شانۆگەری (جەنەراڵ شەریف پاشا) لە دەرهێنانی شەماڵ فەهیمە، شانۆگەری (چەك چەكیلە) لەدەرهێنانی عادل حەسەن، تیپی شانۆیی سالاریش بە دوو نمایش بەشداری دەکات، یەکەمیان درامایەکە لەنوسینی (دڵشاد مستەفا) بەناوی (پاسەوان) کە ئەحمەد سالار بەرجەستەی دەکات، شانۆگەری دووەمیان بەناونیشانی (خۆشترین گۆرانی) یە لەنوسینی ئەحمەد سالارو نواندنی (یاسن قادر بەرزنجی، نەرمین کاوانی، هەواڵ عوسمان، پشتیوان بەدەوی) لە دەرهێنانی ئەرسەلان دەروێش.

وا بریارە لەم فیستیڤاڵەدا ئەو دوو دامەزراوە گرنکە کە قسەی زۆری لەسەر کراوە بریتین لە(شانۆی کوردی یا خود دەستەی شانۆی کوردی ، تیپی شانۆی کوردستان) دوای ڕەزامەندی شانۆکاران ئەو پرۆژەیە پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت.

ئەمە یەکەمین فیستیڤاڵی شانۆییە کەبەناوی شانۆکارێکی کوردەوە لەکوردستاندا ساز بکرێت.

شانۆکار ئەحمەد سالار خاوەنی ئیمتیازی (گوڤاری شانۆ)یە کە کۆمەڵێك نوسەری دیار لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان بەشداریان تێدا کردووە لەمانگی داهاتوودا یەکەم ژمارەی لێ دەردەچێت گۆڤارێکی ئەکادیمیو زانستیە لە بواری هونەری شانۆدا.

لە سەید سادق

## پێشبڕكێیەکی شیعر بۆ منداڵان ڕێکدەخرێت

### سەنتەری گەشە پێدانو چالاکی لاوان/ ئۆفیسی سەیدسادق

لەپێناو گرنگی دان بە تواناکانی منداڵانی سەید سادقو هاندانیان بۆ نوسینی شیعرو چیرۆك پێشبرکێیەك ساز دەکات بۆ منداڵانی سەرەتایی لەنوسینی شعرو چیرۆکدا.

کە لەمێژوی ٢٠٠٦/١٠/٣٠ بابەتەکانی وەردەگیرێن تابەرواری ٢٠٠٦/١١/٢٠، سەنتەری ناوبراو لیژنەیەك پێك دەهێنێت بۆ هەڵسەنگاندنی بابەتەکان و دواتر خاوەنی بابەتەکان خەڵات دەکرێن.

سالار مەحمود کارگێری سەنتەری گەشەپێدانو چالاکی لاوان بەرێوانی راگەیاند" ئەم پێشبرکێیە بۆ هاندانی ئەو منداڵانەیە کە دەستی نوسینیان هەیە و کەم تا زۆر بابەتەکانیان دەبینین، بەڵام هاندەرو پاڵپشتیان نیە" هەروەها سالار ووتی" لەبەر نەبونی باخچەو سەنتەری منداڵان سەنتەرەکەمان بەم کارە هەستاوەو بۆ ئەوەی ئەو توانایەی کە لە منداڵاندا هەیە نەپوکێتەوە".



گەشتی یەکەمیدا بۆ نیویۆرك کەوتە ژێر ئاوەوەو لەو ڕووداوەدا ١٤٩٠گەشتیار لەکۆی ٢٢٠١ گیانیان لەدەست دا، لە ئاوی ئەتڵەسیداو تیمێکی فەرەنسی-ئەمریکی پەیکەری پاپۆرەکەیان لەساڵی ١٩٨٥دا دۆزیەوە.

دوا هەمین کچە رزگاربووی تایتانیک

## نارەزایی بەرانبەر فرۆشتنی دوا پارچەکانی پاپۆرەکە دەردەبرێت

(میلفینادین) دواکەسە لە رزگاربوانی کارەساتی ژێر ئاو کەوتنی تایتانیك کە هێشتا لە ژیاندا مابێت، نیگەرانی خۆی لەهەواڵی فرۆشتنی پارچەکانی پاپۆرەکە دەربڕی کە بڕیار بوو لە بازاری رەشدا بفرۆشرێت.

میلفینادینی تەمەن٩٤ساڵ لەبەرنامەیەکدا کە دەزگای رادیۆی بەریتانی پەخشی کرد وتی" زانیومە یەکێك لەپەنچەرەکانی تایتانیك خراوەتە مەزادەوە بۆ فرۆشتن بە(٣٠) هەزار یۆرۆ" هەر لەو بەرنامەیە دا باس لە وە کرا کە دەفرەکانی سەرمێزی نانخواردنەکە لەقولایی زەریای ئەتڵەسیدا دۆزرایەوەو هەر پارچەیەکی بە ٩٠یۆرۆ فرۆشرا، هەروەها دین وتی"باوکم هێشتا لەوێیە... فرۆشتنی ئەم شتو مەکانە جێی داخە بەتایبەتی کەلەو پاپۆرەدابوو کە چەندین کەس تیایدا گیانیان لەدەستدا" هەروەها وتیشی" لەو بروایەدام ئەو خەڵکانە بیریان لەمە نەکردۆتەوە بەڵکو تەنیا بیریان لە پارەکردۆتەوە". دادگای ئەمریکی فرۆشتنی پارچەکانی تایتانیکی قەدەغە کردو مافی کۆکردنەوەی هەموو شتو مەکە پێشاندراوەکانی بەخشی بە دەزگایەك لە ئەتڵەنتا (جۆرجیا) بۆ ئەوەی بیخاتە بەرچاوی بینەران.

تایتانیك گەورەترین پاپۆری ئەو سەردەمەی جیهان بوو کە بڕوا وابوو هەرگیز نقوم نابێت بەڵام لەشەوی ١٤-١٥ نیسانی ساڵی (١٩١٢) بەرشاخێکی بەفرین کەوت لەکاتی

---

نواری

## چیتر مەمانگێڕنەوە بۆ شاخ

(منداڵی) ئەو سەردەمە ڕەنگاڵەیە کە هەموو مرۆڤێك پیایدا تێ دەپەڕێت بەڵام هەرکەسەو بەشێوەیەك لە شێوەکان گوزارشتی لێوە ئەکات کە ئەو تەمەنە پڕ لە بەرائەتە لێوان لێوە لە خەونو ئارەزوی مەزن، بەڵام بۆ کەسانێکی وەك من لە کۆمەڵێك وێنەی تەڵخ و رابردوی پڕترسو ئازار هیچی تر نیە .

من یەکێك بوم لەو کەسانەی کە سەردەمی منالێمان لە کونە شاخ و ئەشکەوت دا بەسەر برد چونکە باوکم پێشمەرگە بوو بە ناخۆش لێی ناروانم ئەگەرچی ئەوکات هەزاران خۆزگەم بەوە ئەخواست ئاخۆ کەی بتوانم وەك هەر منالێکی ئاسایی لە ماڵێکدا ژیان بەسەر بەرم و منیش دیدەم بە فلیم کارتۆن و tv شاد بێتو هەر نەبێت بە روناکی کارەباو سواری ئۆتۆمبیل و دۆندرمە و شاری یاری شاد ببمەوە ئەوانە هەمویان خەونی منی منالی شاخ بوو، بێبەشبونم لە خوێندن کە تا ئەمرۆکەش باجی ئەدەم ئەو نیگەرانیە بو کە هەمیشە پێوەیم ئەنالاند. هەمیشە ئەو خەونە رەنگاڵەییانەم تاقم و تفەنگەکانی پێشمەرگە ئەیتاراند، فیشەكوحشوەو پاشماوەی چەك یاری ئێمە بوو.

ئەوەبو دوای چەندین ساڵ ژیانی شاخ بە ئازادی گەڕاینەوە شارو ساڵ بە ساڵ وتمان حکومەتەکەمان ساوایە تا گەیشتینە ساڵی ٢٠٠٦ وسەردەمی عەولەمەوو میراوو موختار. ژیانی منداڵیمان بەسەر چوو ئەگەر چی لەمرۆشدا دبینم منداڵانی هەرێمەکەم (خوا پێداوان نەبێت) سەردەمی منداڵییان وەك من ئەگوزەرێننو لەدوایشا لەسایەی حکومەتی کوردی دا هەر لە کرێچێیەتی دا تەمەنی گەنجیەتیش بەسەر ئەبەن، ئەوەتا نیشانەکانی دیارن ئەو کات لە کاتژمێر ١٠ی شەو ئەبوایە چراکانمان بکوژێنینەوەو روناکی دیار نەبێت لە ترسی تۆپ بارانو ئێستاش کاتژمێر ١٠ کارەبا ئەبڕن لە ترسی ئاو پڕ کردن بە ماتۆر، جیاوازیەکە مەکان نو زەمانەکەدایە گەرنا حاڵەکە هەروەك خۆیەتی.

چیا دەرگەڵەیی